# کام لە پیاوانی بەعس بەسەرکێشی ئەنفال تاوانبارن ، جاش یان سەرباز؟

ئەحمەد مەجید

زۆردەمێکە چاوەڕوانی وەها ڕۆژێك بووم سەدام و دارودەستەکەی لە قەفەسی داد گای کردندا ببینم و تاوانەکانی خۆیانیان ڕوو بەڕوو بکرێتەوە بەڵام لەوەگرنگتربە لای منی پێشمەرگەو کەسوکاری ئەنفال کراوەوە، دادگایی کردنی جاش ومستەشارو مەفرەزە تایبەتەکان بوو چونکە گەر بەراوردی سەدام ودارودەستەکەی بکەین دەبێ بگەڕێینەوە بۆ زیاتر لە (1400)هەزار ساڵ لەمەو پێش، واتا گەرانەوە بۆ سەرەتای سەرهەڵدانی فیکری شۆڤێنێ عەرەب! بەڵام ئەوە جاشە کوردەکان بوون ڕێگە پیشاندەری لەشکرەکەی ئەنفال چییەکانیانیان دەکرد زۆر گەورە تر بوون لەو سوپا بەهێزەی بەعس چونکە سەربازەکانی بەعس تەنها ڕێگاکانیان دەگرتە بەر بۆ وێرانکردنی گوندەکانمان، بەڵام جاشەکان لە بەر شارەزایی وچاوساغیان کون و قوشبن و دۆڵ و چیاکانیان دەگەڕی بەدوای پیر ولاو منداڵ و ئافرەتانداو بە کۆمەڵ دەیان هێنان و بەتە قەکردن وەك شانازی و سەرکەوتنی کارەکەیان بۆ بەر دەستی ئەفسەرە پلە دارەکانی رژێم "خوشك وبرا ومنداڵ ودایك وباوکمانیان دەدایە دەستی سوپاکەی سەدام زۆر بە شانازیەکی گەورەیان دەزانی خۆیان هەڵدەکێشا و دەیان وت هەر یەکێکمان ئەوەندە کەسمان هێناوە وەك ئەوە دوژمنێکی نەتەوەکەی هێنابێت، لەسەرجەمی ئەوشەڕانەی ئێمە لەگەڵ سوپای ئەنفال چیەکەی بە عس دەمانکرد، پێشرەوی ئەوهێزانە جاش بوون؛ غەریب نەبێ لاتان من لەساڵی 1986وەپێشمە رگە بووم لە تێکڕای ئەوشەڕانەی بەشداریم کردووە لەناچەی گەرمیان و قەرەداخ بەشەڕەکانی ئەنفال و:هتد:نەمبینی نەسەربازێکی عەرەب ونەتانگێك یان زرێپۆش وقوات خاسەیەك پێش جاشە کوردەکان بگاتە ناودێ، یان ڕوو بەڕووی ئێمە بێتەوە، بەڵکو شە ڕەکانی ئێمە لە گەڵ جاشدا دەبوو گەرجاشە کان تێکبشکایەن پاشان سوپای و سەرباز دەهاتە پێشەوە گەرسەکەوتو بونایە جاشەکان دەستیان بەتاڵان کردنی گوندەکان دەکرد.

ڕەنگە ئێستاش تەماشای ماڵی جاشەکانی ساڵی 19 88بکەی شتومەکی ناوماڵی کەس وکاری ئەنفالکراوەکانی تێدابێ بۆ خۆیشم جەندجارێك ئەم حاڵەتم بینیوە.

بۆیە لێرەدا ڕەوایە کە بڵێم منی پێشمەرگەی کورد و.ئەوی جاشی کورد، مـن بـۆ بـەرگری نیــشتمان وپاراســتنی گەلەکــەم، ئــەویش بۆکوشــتنی گــەل وفرۆشــتنی نیــشتمان،من بەکلاشینکۆفێك وچەند فیشکێك، وئەویش بە پاڵپشتی کۆپتەرو تانك وزریپۆش
: من بۆشەهید بوون ،ئەوەیش بۆ تالآن و دزی وبردنی ماڵی خـەڵك وکوشـتنی خـەڵکی بـێ تاوان لەسەر ماڵ وحاڵی خۆی.

خوێنەری بەرێز لات سەیر نەبێ ئێستا ئەو سەرۆك جاشەی سەدان کەس لـە منـاڵ وگـەنج وژن وپـیری دایـە دەسـتی رژێـم لـە سـاڵی 1991وە مانگانـە دیوەخانانـەو مووچـەی بـاش وەردەگرێ وژیانی خۆش بەسەر دەبەن. تاوانباران وجاشەکان لە سایەی کێبڕکێی ناشـەرعی حیزبیدا بوون بە پیـاو مـاقووڵ ودڵسۆزی نیـشتمان ولـە پۆسـتی زۆر گـرنگ دانران،جـاش بووە پێشمەرگەی دێرین،جاش بـووە شـەهیدی سـەنگەر،بەڵام سـەت مـەخابن ؟ دایکـی مـن خاوەنی (10 )کەسی ئـەنفالکراوە کـە کـچ و کـوڕو کوڕزایـەتی لـە سـاڵی 1988 ەوە وەکـو سـەرجەم پاشماوەکـانی ئـەنفال لـە ئۆردووگـا زۆرە ملێکانـدا ژیـانی کوللەمـەرگی بـە سـەر دەبـەن، وابـۆ مـاوەی چـوار سـاڵە مووچـەیەکی ڕەمـزی لـە لایـەن حکومەتـەوە ئەدرێتـە پاشمـاوەی ئـەنفال بەشـی یـەك رۆژی دانـشتی رەیـس جاشـێ ناکـات، ئێـستاش لـە بۆنـەو یادەکـانی ئەنفالـدا ئـەنفال چـیەکان دێـن و بـەناوی حکومـەت وکـەس وکـاری ئەنفالـەوە فرمێـسکی تیمـساحاوی دەرێـژن...هتـد تـاوەکو ئێـرە ژیـان وای دەیویـست هەرچـەندە ناهەقیش بوو! لەکۆتای مانگی 2006/8 سەرۆکایەتی هەرێمی کوردسـتان راگەیانـدنێکی بلاوکردەوە کە چی بەداخەوە زۆر درەنگ بوو هاوکات دەبوو باس لـە دادکایی کردنـی ئـەو جاش وسەرۆك جاشانەی بکردایە کە دەستیان سـوورە لـەخوێنی ئەنفالـدا لـە پـاڵ سـەدامی باوە گەورەیاندا لە قەفـەزی تۆمەتبارانـدا بونایـە بـۆ ئـەوەی بـزانن گـەر حیـزب عـەفویانی کردووە بەڵام ئێمەی کە سوکاری ئـەنفالکراوەکان لێیـان نـابورین وئـەو برینـە (18 )سـاڵە دەکولێتەوەو تاوانبارانی ئەنفال بەرێزەوە جێگاوڕێگای بـاش وشـیاویان بـۆدابین کـراوە ،بـە پێش چاوی پاشماوەی ئەنفالەوە دەسوڕێنەوە وەك ئەوەی هیچ تاوانێکیـان نـەکردبێ، بۆیـە لێرەوە داوا لە کەسوکاری بەجێماوی ئەنفال کراوەکان دەکەم سکالا لە دادگا تۆمار بکەن دژ بـەو جـاش وبـەکرێ گیراوانـەی کەسـوکارەکانمانیان ئـەنفال کـردووە وچاوسـاغی بـەعس بـوون.ئێـستاش خۆیـان مـەڵاس داوە لـەژێر بـاڵای ئـەم حیـزب ئـەو حیـزب مـن بـۆ خـۆم لەئێستاوە بە دوای تاوانباراندا دەگـەڕێم کـە خوشـك وبـرا وکەسوکارەکەمیان ئـەنفال کـرد دڵنیـاش بـن هـیچ حیـزب ولایـەنێك نـاتوانێ ڕێگـر بێـت.. دەبـێ سـزای ئەوتاوانـە یـان بدەنەوە...